کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-1-2007 23:47 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# هۆکارەکانی زوو لەسێدارەدانی صەدام!! ... ڕێبەر تاڵەبانی

بەرەبەیانی (2006/12/30) لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە صەدام حسێن سەرۆکی پێشووی کۆماری عێراق لەشاری بەغداد لەسێدارەدرا، پاش ئەوەی دادگای تایبەتی تاوانەکانی دوجیل وئەنفال بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەر صەدام دا سەپاند ولەلایەن دادگای تەمیزەوە تەیدیق کرا، بەشێوەیەکی ڕەسمیش مالکی ئیمزای لەسەر بڕیاری لەسێدارەدانەکە کرد.




صەدام لەسەر ئاستی ناوخۆ وئیقلیم وجیهانی بەچەندین کاری دوور لەمرۆڤایەتی وشکاندنی یاسای نێودەوڵەتی وجێبەجێنەکردنی بڕیار وپەیمانە نێودەڵەتییەکان ببووە ناوەندێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەناوچوون، بەتایبەت لەسێدارەدانییدا ڕایەکی گشتی لەسەر بەسزا گەیاندنی صەدام هاتبووە گۆڕێ، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو کات وشێوازەی کەلەلایەن جێبەجێکارانی سزاکەوە بەئەنجام گەیەنرا.

گەر بەووردی خوێندنەوەیەك بۆ گەڵاڵەبوونی خێرای لەحوکمی لەسێدارەدانی صەدام دا بکەین، لەسێ لایەندا خۆی دەبینێتەوە، یەکەمیان کاتی لەسێدارەدانی صەدام لەیەکەم ڕۆژی جەژندا کەپێچەوانەی یاساکانی دادوەری پێشوو ونوێی عێراقە لەڕۆژی پشووی ڕەسمیدا، هەروەها تێنەپەڕاندنی وادەی (30) ڕۆژ بەسەر تەیدیقکردنی سزاکە لەلایەن دادگای تەمیزەوە، لەگەڵ ئاگادارنەبوونی سەرۆك کۆماری عێراق لەجێبەجێکردنی سزاکە لەو کاتەدا، دووهەمیان نزیکبوونەوەی کۆنگرەی نیشتمانی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق لەقاهیرە کەبەم نزیکانە دەبەسترێت، لەگەڵ بیرۆکەی دروستبوونی بەرەیەکی سیاسی نوێ لەنێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کەبەبەرەی هێزە دیموکراتخوازەکان ناسراوە، سصەەمیان داڕشتنی پیلانی نوێی ئیدارەی کۆمارییەکان لەئەمریکا بەسەرکردایەتی جۆرج بۆشی کوڕ.

بۆیە لەجەوهەردا جێبەجێکردنی بڕیارێکی لەم جۆرە هەڵوێستی جیاجیا دەخاتەوە کەکارێکی زۆر سانایە، چونکە صەدام سەرۆکی وڵاتێکی دەوڵەمەند وخاوەن پێگەی سیاسی وئابوری وکشتوکاڵی وپیشەسازی بەهێزبوو، پەیوەندی جۆراوجۆری لەگەڵ وڵاتان وگەلانی جیهاندا هەبووە وەك (گەلی فەلەستین ومێر وسوادن ولوبنان ویەمەن)، هەروەها وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی وئیقلیمی وجیهان بەگشتی، بەڵام شێوازی سیاسەت ودروستبوونی فشار ولادان بۆ کاولکاری وکوشتار هۆکارێك بوو هیچ کەس ولایەنێك نەیدەتوانی خۆی لەمەسەلەی صەدام نزیك بکاتەوە، چونکە کەسانی دیکتاتۆر وجێبەجێکاری سیاسەتی لەناوبردن مەحاڵە چارەنووسی لەدونیای ئەمڕۆی جیهانبینی وزلهێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وهاوپەیمانانی لەچنگی سزای ڕەوا ڕزگاری بێت.

لەبەر ئەوە مێژوو لەتۆماری ڕووداوەکاندا ڕاستییەکان دەخاتەڕوو، هەڵەکان زەق دەکات ووێنای بۆ دەکات، ماوەتەوە بڵێین مامەڵکردنێکی ژیرانە وجێبەجێکردنێکی هەڵە لەسزاکەدا دوو مەودان

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-1-2007 23:47 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کەهەمیشە بەڕووی حکومەتی عێراقیدا نشان دەدرێن، بەڵام بڕیار وسەپاندنی سزا هەمیشە داینەمۆیەك دەبێت کەمرۆڤی زەرەر مەند لەوڵاتدا پێی دەگەشێتەوە.

- خوێندکاری ماستەر / ڕاگەیاندن - قاهیرە